# وریای بازرگانی مرۆڤ بن - پاریزگاری بکەن لە خۆتان

**زانیاری تایبەت بە منداڵانی پەنابەر پەنابەرانی سەرووی 12 ساڵان**




International Organization for Migration (IOM)

The UN Migration Agency

## سەبارەت بە ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆی ل سەرتاسەری جیهاندا یارمەتی تاکەکان دەدات. ماڵپەڕی ئێمە: http://slovenia.iom.int/

ئەم نامیلکەیە لە لایەن هەماهەنگکاری نەتەوەیی بەرەنگاری لەگەڵ بازرگانی مرۆڤ سەندی کورین (Sandi Čurin)ەوە، پێداچوونەوەی بۆ کراوە و پەسەند کراوە.


پارەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن یەکیتی ئەورووپاوە دابین دەکرێت

پاڵپشتی و پارێزگاری لە منداڵان لە سەردەمی قەیرانی کۆچ و پەنابەری لە ئەورووپادا


## بەشی 3 - خزمەتگوزاری

**پیویستت بە زانیاری و یارمەتی تایبەتی قوربانیانی بازرگانی مرۆڤ هەیە ؟**

### پۆلیسی سلۆڤینیا

تەلەفۆن:00 12 80 (0) 386+
(ژمارە پەیوەندی نەناسیاوی پۆلیس)

هێڵی فریاگوزاری: 113
(شەوانە و ڕۆژانە، هەموو ڕۆژانی هەفتە)

### کاریتاس سلۆڤینیا

هێڵی ڕێنمایی:151 470 31 (0) 386+
(شەوانە و ڕۆژانە ، هەموو ڕۆژانی هەفتە)

ئیمەیڵ:info@karitas.si

ماڵپەڕ: www.karitas.si

### کلیلی پێکەوەبوون

تەلەفۆن:22 17 80 (0) 386+
(دووشەممە تاکوو هەینی، لە 9ی بەیانی
تاکوو 1ی پاش نیوەڕۆ)

ئیمەیڵ: info@drustvo-kljuc.si

ماڵپەڕ: www.drustvo-kljuc.si

### بنکەی پەنابەران

ژمارەی فریاگوزاری کاتێک کە تۆ یان برادەرەکانت پێویستیان بە یارمەتییە:
00 84 200 1 (0) 386+

### ڕێکخراوەی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

تەلەفۆن: 51 73 434 1 (0) 386+
(دووشەممە تاکوو هەینی لە 9ی بەیانی تاکوو 17ی پاش نیوەڕۆ)

ئیمەیڵ: iomljubljana@iom.int

ماڵپەڕ: slovenia.iom.int

## بەشی 1 – ئاخۆ من لەڕووی یاساییەوە «منداڵ»م؟

بە گوێرەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافی منداڵان یاسای سلۆڤینیا، **هەر تاکێکی ژێر تەمەنی 18 ساڵان وەک منداڵ دەناسرێت**.

هەموو منداڵان، جیا لە دۆخی یاسایی لە سلۆڤینیا، ڕەگەز، بیروباوەڕی ئایینی یان هاووڵاتیبوون، خاوەن مافی یەکسانن. تۆ، وەک منداڵ دەبێ پاڵپشتی و مافی تایبەتت هەبێت. پاش گەیشتن بە تەمەنی 18 ساڵی، بەپێی یاسا، بە گەورە دادەنرێیت و هەندێک لە مافەکانت دەگۆڕدرێن.

بەرپرسانی حکومی دەبێ بەگوێرەی **بەرژەوەندی منداڵ** کار بکەن؛ یانی دەبێ لە بڕیارەکانی تایبەت بە تۆ بۆچوون و سەلامەتی و تەندروستی تۆ لەبەرچاو بگرن. تۆ، وەک منداڵ مافی ئەوەت هەیە کە:

- ! سەلامەتیت لە سلۆڤینیا بپارێزرێت
- ! پێداویستییە سەرەتاییەکانت دەستەبەر کرێت: شوێنیک بۆ نیشتەجێبوون، ئاسانکاری بۆ خویندن لە قوتابخانە و سەردانی پزیشک لەکاتی نەخۆشبوونتدا
- ! گەورەکان گوێ بگرنە تێبینییەکانت و ڕێز بۆ بیروباوەڕەکانت دانێن
- ! تۆ یارمەتی دەدرێیت تا لەگەڵ خێزانەکەت یەک بگرنەوە، ئەگەر گونجاو بێت و لە بەرژەوەندیتدا بێت

هەموو ئەو منداڵانەی کە لە دایک و باوکیان جیا دەبنەوە و لە سلۆڤینیادا تەنیان، دەتوانن خزمەتگوزاری **نوێنەری یاسایی** بەکار بێنن. نوێنەری یاسایی کەسێکە کە پاریزگاری دەکات لە مافی تۆ لە ڕەوتی پرۆسەی داواکاری پەنابەریدا. نوێنەری یاسایی لە دانیشتنی تایبەت بە موقابیلەی پەنابەریدا ئامادە دەبێت بۆ ئەوەیکە دڵنیا بێتەوە کە بەرپرسان بەرژەوەندی تۆ لەبەرچاو دەگرن. نوێنەری یاسایی یارمەتیت دەدات لەبواری تۆمارکردنی ناو لە قوتابخانە، سەردانی پزیشک و پارێزگاری لە سامان و پارەی تۆ و هاورێیەتیت دەکات لەو کۆبوونەوانەی کە لەگەڵ بەرپرسانی حکومی دەتبێت.

### نوێنەری یاسایی

نا و ژمارە تەلەفۆنی نوێنەری یاسایی لەم بەشەدا بنووسە:

ناو:.............................................................

.............................................................

ژمارە تەلەفۆن:.............................................................

هەندێک بروایان وایە کە تەنیا کچان لەبەردەمی مەترسی دان و کورەکان هێزی پێویستیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ چەوسانەوەدا. **هەرچەندە، چەوساندنەوە و خراپ مامەڵەکردن لەوانەیە بۆ کوڕ و کچ ڕو بدات!**

وریای بازرگانی مرۆڤ و چەوسانەوەی منداڵان بە. ئاشنا بە لەگەڵ مافەکانت. **لەبیر بێت بەرگری و ڕێزت بەردەوام دەبێ بپارێزرێت.**

**بەردەوام دەتوانیت یارمەتی وەربگریت لە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی یان فەرمانبەرانی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت.**

| |
|---|
| **بەردەوام دەتوانیت یارمەتی وەربگریت لە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی یان فەرمانبەرانی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت.** |

# بەشی 2 – بازرگانی مرۆڤ چییە؟





بازرگانی مرۆڤ تاوانێکی قورسە و بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دادەنرێت. هەموو وڵاتانی جیهان ئەم کێشە و گرفتەیان هەیە و هەموو کەسێک، جیا لە تەمەن، ڕەگەز یان هاوولاتیبوون ڕەنگە ببن بە قوربانی ئەم تاوانە. ئاڵووێرکردنی مرۆڤ کولایەتی پێشکەوتووشی پێ دەوترێت.

ئەو منداڵانەی کە تەنیا و بێ دایک و باوک یان سەرپەرشتیار سەفەر دەکەن بە مەبەستی جیاواز سوودیان لیوەردەگیرێت. لە وەها حاڵەتێکدا، منداڵان لەوانەیە قوربانی «ئاڵووێری مرۆڤ» بن. وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوڕووپا، بۆ نموونە سلۆڤینیا، نیگەرانی سەلامەتی منداڵان، ڕەچاوکردنی مافی منداڵان و دووربوونی منداڵان لە زیانپێگەیشتنن. ئیشکردنی منداڵان و بازرگانیکردن بە مندڵان بە پێشێکردنی ئاشکرای مافی مندال ئەژمار دەکرێت.

بازرگانی مرۆڤ بە دامەزراندن، فرۆشتن و ئاڵووێری مندال و گەورەکان دەوترێت بە مەبەستی سوودوەرگرتن و ئەمانەی خوارە دەگرێتەوە:



- سوودوەرگرانی سیکسی
- زیواجی زۆری
- هەڵگرتنەوەی نایاسایی
- کاری زیانبەخش و بە حەقدەستی نزم لە بارودۆخی هاوشێوەی کوێلایەتی (بۆ نموونە سوودوەرگرن لە کارگە، کێڵگە، ریستۆرانت و باردا)
- بەندایەتی (کارگە، چاودێری لە منداڵ)
- ناچارکردن بە ئەنجامی ئیشی نایاسایی یان تاوانبارانە (وەک کشتوکاڵی حەشیشە، فرۆشتنی مادەبێهۆسکەرەکان، تاوانی شەقام)
- سواڵکردنی بەناچار
- دزینی ئەندام، شانەی خوێنی و خانەکان




## جیاوازی لەنیوان بازرگانیکردن و ئاڵوویرکردن چییە؟

لە ئاراستەی سەفەر بۆ ئەورووپا، لەوانەیە ڕووبەڕووی بازرگانان(قاچاخچیەکان) و ئاڵوویرکەران بووبێیتەوە یان ئەو شتانەی دەربارەیان بیستبێت. هێڵکاری خوارەوە جیاوازی نێوان قاچاخچی و ئاڵووێرکەری پیشان دەدات:

| ئاڵووێرکەر | بازرگانی مرۆڤ(قاچاخچی) |
|---|---|
| کەسێک کە لە ماوەی سەفەر یان لەڕیگەی پەوەندەکان لە نیشمانی خۆت تووشی دەبیت. | لەوانەیە پێشووتر نەتناسیبێت بەڵام لەوانەیە ئاشنا و لە کەسانی متماننەپێکراوەکانی تۆ (خزم یان هاوولاتییەکان)یش بێت. |
| بە تێپەڕاندنی نایاسیایی تۆ لە سنوورەکانی فەرمی لە بەرانبەر وەرگرتنی پارە یارمەتیت دەدات بۆ گەیشتنت بە شوێنی مەبەست. | دامەزراندن، فرۆشتن و ئاڵووێری مندال و گەورەکان دەوترێت بە مەبەستی سوودوەرگرتن. قاچاخ لەوانەیە تێپەڕاندن لە سنووری نیشتمانی بگرێتەوە یان نا. |
| لە تێپەڕاندنی خەڵک لە سنوورەکان پارە بەدەست دێنێت. | لە سوودوەرگرتن لە خەڵک پارە بەدەست دێنێت . |
| پاش تێپەڕینی تۆ لە سنوور، پەیوەندی تۆ لەگەڵ قاچاخچی کۆتایی پێدێت. | پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئاڵوویرکەر تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست بەردەوام دەبێت. |
| تێبینی بکە کە لە ڕێگەی سەفەر یان لە شوێنی مەبەت لەوانەیە ئاڵووێرکەر تۆ ڕادەستی قاچاخچی بکات! |  |

## کەسەکە چۆن قوربانی بازرگانی(قاچاخ) دەبێت؟

قاچاخچییەکان سوود وەردەگرن لە ئامادەیی بۆ تووشبوون و بارودۆخی ژیانی قوربانییەکانی خۆی. ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ناڕاستی، فێڵ، ناچارکردن، هەڕەشە و درۆ بەکاردێنن:



- لەوانەیە بە تۆ یان خیزانەکەت بوترێت کە لە شوێنی مەبەستی کۆتایی پیشەی گونجاو و بارودۆخی ژیانی باشتر بەدەست دێنن. لەوانەیە بەبێ پێدانی پارە بگەیت بە شوێنی مەبەست. لەوانەیە بۆ دابینکردنی تێچووی سەفەر پارەکەت بە قەرز وەرگرتبێت. پاش گەیشتن بە شوێنی مەبەست، ئەو کەسەی کە تۆی گەیاندۆتە ئەو شوێنە ڕەنگە بانگەشە بکات کە تۆ پارەی سەفەرەکەی پێ قەرزداریت و ناچارت بکات کە بەڕێژەی پارەکە کاری بۆ بکەیت.
- لەوانەیە پێت بوترێت کە ئەگەر ڕابکەیت و قاچاخچییەکان بە پۆلیس بناسێنیت ڕووبەرووی کێشە دەبێوە چونکە تۆ بە نایاسایی (بەبێ تۆمارکردنی ناو و بەڵگەی پێویست) لەو ولاتەدا دەژیت. ئەمە ڕاست نییە –ئەرکی پۆلیس یارمەتیدانی قوربانییەکانی بازرگانی مرۆڤە!
- ئەگەری ئەوە هەیە کە هەڕەشەت لێبکەن یان باجت لێوەرگرن کە ئەگەر ملکەچی نەکەیت لە قاچاخچییەکان یان خاوەنکارەکان زیانت پێدەگات.



- لەوانەیە گرفتارت بکەن بە مادە بێهۆشکەرەکان و تۆش ناچار بیت بۆ بەدەسهێنانی ئەو مادەیەی کە پێی گرفتار بوویت، هەروا بەردەوام کاریان بۆ بکەیت.
- ڕەنگە لەڕێگەی ئایینەکانی ڤۆدۆ(جۆجۆ) و سوێندی ئایینی تۆ بکەن بە دیلی ئەخلاقی خۆیان. ڕەنگە بگەیتە ئەم بڕوایە کە ئەگەر سوێندی ئایینی بشکێنیت ڕووداویکی خراپ بۆ تۆ یان خێزانەکەت روو دەدات.
- لە کاتی چوونەژوورەوە بۆ شوێنێکی نوێ کە دانیشتوانەکەی ناناسیت، ڕەنگە نەزانیت کە دەبێ لە چ کەسێک یارمەتی وەرگریت یان متمانە بە کێ بکەیت. قاچاخچییەکان(بازرگانانی مرۆڤ) ئاگاداری ئەم بابەتەن و لەوانەیە مامەلە بەم بارودۆخە بکەن.

## کاری منداڵ چییە؟

**لە سلۆڤینیادا ئیشکردن بۆ کەسانی سەرووی ١٥ ساڵ ڕێگەپێدراوە.** بەر لە دەسپێکردن بە کار، لەگەڵ مافی کار و یاسای نیشتمانی کار ئاشنا بە.

ئاگاداری نیشانەکانی سوودوەرگرتن لە ئێشی منداڵان بە. لەوانەی خوارەوەدا یارمەتی وەرگرە لە بەرپرسانی پەیوەندیدار:

- ئەگەر بۆ ئیشکردنەکەت پارەت پێ نەدرێت.
- کار بکەیت لە بەرانبەر قەرزێک کە دانەوەی بەهۆی لەڕادەبەدەربوونی دژوار یان نامومکین بیت.
- کار بکەیت بۆ ئەو قەرزەی کە لەلایەن تۆوە قەبوول ناکرێت یان زیاتر لە بڕی ڕاستەقینەی قەرزەکەیە.
- ناچار بیت کە هەر ڕۆژ بڕەپارەیەکی دیاریکراو بەلانیکەم بەدەست بێنیت ئەگینا سزا دەدرێیت.





- کاتێکی زۆر تەرخان بکەیت بۆ ئیشکردنی بەبێ حەقدەست لە ماڵەوە.
- بەدەگمەن لە مالەوە یان شوێنی ئیشکردنی خۆت برۆیتە دەرەوە و نەتوانی ئازادانە هاتوچۆ بکەیت.
- لە شوێنی ئیشکردن مامەڵەی خراپت لەگەڵ بکرێت، پارەی زۆریت لێوەربگرن، هەڕەشەت لێ بکەن و/یان بە توندوتیژی ڕەفتارت لەگەڵ بکەن.
- ئیشی تۆ چالاکی وەک لەشفرۆش، دزی، سواڵکەری و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان بێت.
- ئیشەکەت قورس بێت و/ یان کاتی ئیشکردنەکە زۆر بێت.
- ئیشەکەت مەترسیدار بێت، واتا تەندروستی و سەلامەتیت بخاتە بەردەمی مەترسییەوە.
- ئیشکەت لەمپەڕێک بێت بۆ خوێندن و تۆژینەوە.
- بە هۆی ئیشکردن کاتی پێویستت بۆ ڕابواردن نەبێت.

